# گرنگترین کێشەکانی پەرە پێدانی کشتوکاڵی لە قەزای کۆیە و چارە سەری

م.ی: بەهرە رضا عثمان
بەشی جوگرافیا ، فاکەلتی پەروردە ، زانکۆی کویە

- کشتوکاڵ بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی ژێرخانی ئابوری وڵات دادە نرێت، ئەمە لەکاتێکدا لە ئێستا بارودۆخی سروشتی گۆی زەوی گۆرانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە بە تایبەتی لە ڕووی ئاو هەوا .

بەر هەمە کشتوکاڵییەکان دوچاری گرفتی کەمبوونەوەی لەناوچون دەبن ، بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە بونەتەوە جێگای بایەخی پسپۆڕانی بە تایبەت لەو بوارەدا،لە میانی تێگەیشتن وشیکردنەوەی بارودۆخی ئێستای ناوچەی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی بەشدارن لە دروست بوونی کێشەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە قەزای کۆیە و چارەسەری.

## کێشەی لێکۆڵینەوە:-

- ١- سود وەرنەگرتن لە بنەما سروشتی و مرۆییەکانی قەزاکە بۆ کرداری پەرەپێدانی کشتوکاڵی بە پێی پێویست .
٢- کێشەی کەمبوونەوەی زەوی کشتوکاڵ

- **ئامانجی لێکۆڵینەوە بریتیە لە:-**
- ١- زانینی گرنگترین کێشەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە قەزای کۆیە.
- ٢- ئاشنابوون بە تونستە سروشتی و مرۆیەکانی قەزاکە.
- ٣- شیکردنەوەی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی پەرەپێدانی کشتوکاڵی دەبنەوە و دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان.

## گریمانەی لێکۆڵینەوە:-

١- ئایا زەوی کشتوکاڵی لە قەزای کۆیە گەشەی پێدەدرێت؟
٢- ئایا حوکمەت تا چەند هاوکاری دەکات بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە:-

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی ( شیکردنەوەی شوێنی) کۆمەڵێک نەخشەو خشتەی خستۆتەڕوو بۆ زیاتر ڕۆنکردنەوەی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی قەزاکە لەگەڵ پشت بەستن بە سەرچاوەی پەرتووکخانەیی.

- ناساندنی بابەتی لێکۆڵینەوە و ناوچەی لێکۆڵینەوە

- گرنگترین توانستە سروشتی و مرۆییەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە ناوچەی لێکولینەوە

- گرنگترین کێشەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەناوچەی لێکولینەوە

- چارەسەری کێشە سروشتیەکان وکێشە مرۆییەکان

- ئەنجام

- پێشنیار

- پەرەپێدان Development

بریتیە لە بەکارهێنانی دەرامەتی سروشتیەکان و سودوەرگرتن لێیان بەشێوەی بەرنامە داڕێژراو بۆ دابینکردنی پێداویستی نەوەکانی ئەمڕۆ بێ ئەوەی بێتە مایەی هەرەشەکردن لە نەوەکانی داهاتوو.

- پەرەپێدانی کشتوکاڵی ((Agriculture Development

بریتیە لە بەرهەمهێنانی نموونە یی زەوی لەگەل دەستکەوتنی زۆرترین سود بە کەمترین تێچوون ماوەیەکی کورت بەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەم لە ڕێگای چاندنی بەروبومێکی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی زەوی و بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئارەزووی بەکار بەر لە دابینکردنی بازاڕ بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمەکان.

- **پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام (Sustainable Agricultural Development)**
- بریتیە لە بەرێوەبەردن و پارێزگاری کردنی دەرامەتی سروشتی ، لەگەل ئاراستەکردنی تەکنۆلۆجیا و دامودەزگاکان بۆ مسۆگەر کردن و دابینکردنی پێداویستی مرۆیی و بەردەوام بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو.

**دووەم / ناساندنی ناوچەی لیکولینەوە**


تـــوركـــيا
پارێزگای دهۆك
ئێـــران
مێرگەسور
سۆران
ڕەواندز
چۆمان
شەقلاوە
پارێزگای نەینەوا
پارێزگای سلێمانی
خەبات
هەولێر
بنەسلاوە
کۆیە
مەخمور
پارێزگای کەرکوك
سنوری نێودەوڵەتی
سنوری پارێزگا
سنوری قەزا
سنوری ناحیە
سەنتەری پارێزگا
سەنتەری قەزا
سەنتەری ناحیە
ناوچەی لێکۆڵینەوە
قەزای هەولێر
10 0 10 20 30
Kilometers



سەنتەری قەزا
سەنتەری ناحیە
سنووری پارێزگا
سنووری قەزا
سنووری ناحیە
قەزای شەقڵاوە
ناحیەی شۆڕش
ناحیەی سەنگەر
کۆیە
ناحیەی سیگردکان
ناحیەی تەق تەق
ناحیەی ئاشتی
پارێزگای کەرکوک
قەزای چەمچەماڵ
پارێزگای سلێمانی
قەزای دوکان

نەخشەی ژمارە (٤) بەرزی و نزی قەزای کۆیە.



- گرنگترین توانستە سروشتی و مرۆییەکانی  پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە قەزای کۆیە
- بەرزی ونزمی،  ئاوهەوا،  خاک،  دەرامەتی ئاو.
- باسی دووەم:- گرنگترین توانستە مرۆییکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە قەزای کۆیە
- ١- لایەنی ئابوری:-
- ڕێگاو بان :-
- پێشکەوتنی ئاستی تەکنەلۆژی:-
- سەرمایە
- ٢- دانیشتوان و هێزی کار
- ٣- سیاسەتی حکومەت

بەشی سێیەم

**گرنگترین کێشەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی**

ساڵانە کشتوکاڵ کردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە توشی چەندین گیروگرفتی سروشتی و مرۆیی دەبێتەوە کە ، ئەمەش کاریگەری ڕوستەوخۆ دەکاتە سەر بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی و داهاتی جوتیاران لە ناوچەکە .

**باسی یەکەم:- کێشە سروشتیەکان**

**١-دەردە کشتوکاڵیەکان:-** بەروبومی کشتوکاڵی ، توشی چەندین نەخۆشی سروشتی دەبن، کە لە ئەنجامدا بەشێك یان هەموو بەروبومی ساڵەکە دەفەوتێت ئەمەش وەک کرم و مشک و فایدوس

- **٢- دواکەوتنی بارانی پەڵە:-** دیارنەبوونی کاتی بارانی پەڵە یان دواکەوتنی هەندێک ساڵی وا هەیە باران لە پێش وەخت دەبارێت کە دەبێتە هۆی سەوزبوونی دەغڵ و دان، بەڵام لە دوایی دا باران ڕادەوەستێ و نابارێت تا کاتێکی درەنگ ئەمە کارێکی زۆر دەکاتە سەر گەشەکردن و نەشونما کردنی ڕووەک چونکە کاتەکەی بەسەرچووە بۆیە دەغڵو دان بە تەواوی فریا ناکەوێت شیر بۆ گوڵەکانی دروست بکات دواتر کاتی دروێنە دێت ئەمەش وا دەکات بەرهەمەکەی لە یەکەی ڕووبەر لە ناوچەکەدا کەم دەبێتەوە.
- یاخود بارانێکی زیاد لە پێویست ببارێت  دەغڵودان توشی ژەنگ هەڵهێنان دەبێت کە هێشتا کاتی گوڵکردنیشی نەهاتووە. ئەمانە هەموو پێکەوە کار لە کەم و زۆری بەرهەمی کشتوکاڵی ساڵانە دەکەن

# ٣- گرفتی خاک


سنووری پارێزگا
سنووری قەزا
سنووری ناحیە
سەنتەری قەزا
سەنتەری ناحیە
دەریاچە
پۆلینی توانستی زەوی بۆ بەرهەم هێنان
زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ
پۆل (2)
پۆل (3)
پۆل (4)
زەوی نەگونجاو بۆ کشتوکاڵ
پۆل (5)
پۆل (6)
ڕێگرەکان
e ڕامالین
s چەو تاشەبەرد
t هەرشتی نەرم و زبر
کۆیە
دێگەڵە
تەقتەق
خەرابە
زێی بچووک
پارێزگای کەرکوک
پارێزگای سلێمانی
دەریاچەی دوکان
شوان
36° 09' N
35°-49'-N
44°09' E
44°19' E
44°29' E
44°39' E
44°49' E
Kilometers

- **باسی دووەم:- کێشە مرۆییەکان**
- **١- فراوان بوونی سەنتەری شارەکانە لەسەر حسابی زەوی کشتوکاڵی**
یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لە ئێستادا گرنگی پێدەدرێت بۆتە جێگەی سەرنج و تێرامانی زۆرێک لە پسپۆڕان و جوگرافی ناسان و ئابوری ناس و پلان داڕێژەرانی شار کە کاریگەری خراپی لەسەر ژینگەی کشتوکاڵی دەورووبەری قەزاکە دابنێت نموونە دەشتی هاموون لە ڕابردوو ودەشتی کۆیە لە داهاتوو، شایانی باسە زیاتر لە ٤٦٧٥٦ ڕووبەری شیاو بۆ چاندن بە دۆنم چۆتە ناو سنوری شارەکە، کە ئەمە زەنگی مەترسی دارەو کاریگەری خراپی ژینگەی کشتوکاڵی لێدەکەوێتەوە.
- **٢- سوود وەرنەگرتن لە سەرچاوە ئاویەکان وەک پیویست لە بواری کشتوکاڵدا**، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی پڕۆژەکانی ئاودێری ناوچەکە بە هۆی نزمی ئاستی ئاوەڕۆی ڕووبارەکان لەچاو زەویەکانی دەوروبەری ڕووبارەکان وێڕای دووری دەشتەکان لە ڕووبارەکان .

**٣- چەشنی تۆ**:- جۆری ئەو تۆیانەی کە لە چاندنی زەویە کشتوکاڵیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەکاردەهێنرێت لە زیاد و کەمی بەروبوومی کشتوکاڵی و دەسکەوتی ساڵانەی جوتیارەکاندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت. نەبوونی تۆی پێویست و باوەڕپێکراو لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا کەریگەری هەیە لەسەر کەم بوونی بەروبوومی کشتوکاڵی، تەنها ئەو تۆیەی کە لە ئێستادا دەچێنرێت تا رادەیەک باوەڕپێکراوە بریتیە لە جۆری (ئاراس) هەروەها نەبوونی شارەزایی جوتیاران لە ڕووی جۆری تۆیەکانەوە لە ڕووی باشی و خراپیەوە ئەمەش گرفتێکی ترە لە بواری جیا جیای کشتوکاڵدا هەیە بە تایبەتی لە بواری بەروبوومی ڕووەکی.

- **٤- بەکارهێنانی کەرەستەی کۆن:-**

بەکارهێنانی کەرەستەی کۆن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وەک کەرەستەکانی (گاسن، داس، جەنجەڕ، بژارئێر، درەخ...هتد) لە کاروباری کشتوکاڵیدا، لە ناوچەکەدا توانای بە ئەنجامدانی ئەم کەرەستانە لە چاو کەرەستەی نوێ و مەکینەی سەردەمدا زۆر زۆر کەمترە

- **ڕۆڵی حکومەت لە هاوکاری نەکردنی جوتیاران:-**جوتیاران بە شێوازێکی سەربەخۆیانەوە بە بێ هەماهەنگی زانکۆ و پەیمانگاکان وە بەڕێوەبەرایەتیە کشتوکاڵیەکان کاردەکەن بە سیستەمی کۆن لەسەر سێکتەرەکانی کشتوکاڵ، سەرەڕای ئەوەی ئەم قەزایە ڕووبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی هەیە کە توانایەکی باشی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری نەبووە لە بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵی لە کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی لە قەزای کۆیە بۆ نموونە لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومی خۆماڵی زۆربەی زۆری بەرهەمی جوتیارەکان تێکدەچێت یاخود ساغ نابێتەوە لە بازاڕەکان بە هۆی هاوردەکردنی لە وڵاتانی دەوروبەر

- **باسی سێیەم:- چارەسەری گرفتە سروشتی و مرۆییەکان**
- **یەکەم:-** بەمەبەستی چارەسەرکردنی دەردە کشتوکاڵیەکان و بۆ ئەوەی جوتیاران بتوانن ڕووبە ڕوویان ببنەوە، پێویستە حکومەت هەڵسێ بە دابینکردنی باشترین و زۆرترین دابینکردنی بنبڕکردنی قەڵاچۆکردنی دەردە کشتوکاڵیەکان لە ناوچەی لێکۆلینەوە.
- **دووەم:-** سوود وەر گرتن لە سەرچاوە ئاویەکان و دەریاچەکان دەتوانین بەکاریان بهێنین ئەویش بە دروستکردنی بەربەست و بەنداوی پتەو بە مەبەستی کشتوکاڵ کردن، ئەگەر بۆ ئەوەی باران بارین دواکەوت کار لە کرداری کشتوکاڵ کردن نەکات هەروەها دروستکردنی حەوزی گەورەی ماسی هەموو ئەمانە دەتوانرێت لە سەرچاوە ئاویەکانی ناوچەکە سوودی لێوەربگیردرێت بەتایبەتی ئەو زەویانەی نزیک ناحیەی تەق تەق و ئاشتین کە دەتوانرێت پڕۆژەی ئاودێری باش دروست بکرێن.
- **سێیەم:-** چارەسەرکردنی کەم بوونی زەوی کشتوکالی، ئەمەش بە دانانی (ماستەرپلانی) گونجاو بۆ فراوان بوونی شار بە شێوەی زانستییەک لەسەر حساب زەوی کشتوکاڵی بە تایبەت ئەو ئاراستەی ... بوونەی بەرەو ناوچەی

- **چوارەم:-** پشگیری کردنی کۆگا کشتوکاڵیەکان و دابینکردنی تۆو پەین و ئامێر و کەل وپەلی یەدەک  وە دابینکردنی ڕێژەیەکی زیاتر لە تۆی (ئاڕاس) لە ناوچەکەدا ئاشنا کردنی جوتیاران بە جۆری تۆیەکانەوە لە ڕووی باشی و خراپیانەوە.
- **پێنجەم:-** بەکارهێنانی ڕژێمی خصخصە کە دەتوانرێت پڕۆژەی گەورە دروست بکات جا ئەو پڕۆژانە کشتوکاڵی بن یان ئاژەڵی چونکە ئەو کۆمپانیایە دەتوانێت هەموو گرفتەکان چارەسەر بکات  سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە ئامێر وئامرازی تەکنەلۆژیای تازە بهێنرێتە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەکو ئامێری ئاوپڕژێن، وە لێکۆڵینەوەی زیاتری زانستیانە لە بواری کشتوکاڵ کاریگەری دەبێت لە سەر بەرەوپێشچوونی کەرتی کشتوکاڵیە دواتر دەبێتە هۆی زیادبوونی کارمەندی شارەزاو پسپۆڕ لە ناوچەکە دا.

- **ئەنجام:**
- 1- پەرەپێدانی بەردەوامی کشتوکاڵ یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە کە دەتوانرێ لایەنی خۆشگوزەرانی و ئابووری و کۆمەلایەتی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دابین بکات.
- 2- ناوچەی لێکۆلینەوە دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی بەڵام ڕووبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی هەیە وە هەروەها دەوڵەمەندە بە بنەما شروشتی و مرۆیی.
- 3- دەستی کار لە قەزای کۆیە ڕووبەرووی کەمبوونەوە دەبێتەوە بەهۆی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت ئەمەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی.
- 4-بوونی چەندین کێشەی سروشتی و مرۆی کە ڕووبەرووی کشتوکاڵکردن دەبێتەوە لەناوچەکە وەك (فراوان بوونی سەنتەری شارەکانە لەسەر حسابی زەوی کشتوکاڵی خراپی چەشنی تۆ، بەکارهێنانی کەرەستە کۆن و دواکەوتنی بارانی پەڵە و گرفتی خاك) وە سود وەرنەگرتن لە سەر چاوە ئاویەکانی

## پێشنیار

- 1-هاندانی خەلکی گوندەکان بۆ گەڕانەوەیان وە بایەخدان بە زەویە کشتوکاڵیەکان لە ناوچەی لێکۆلینەوە دا تاوەکو بڕو جۆری بەروبومە کشتوکاڵیەکان زیاد بکات، لەرێگەی پێشکەش کردنی سەرجەم خرزمەتگوزاریەکان لەلایەن حوکمەتەوە
- 2- حوکمەت دەبێت هاوکاری جوتیار بکات لەڕێگەی دابەشکردنی تۆی باش و بەپیتی کیمیاویی و ڕێنمایی کشتوکاڵی و تەکنەکۆژیایی پێشکەوتوو بەسەر جوتیاراندا.وەك ڕێگا و بان، تەندروستی، پەروەردە.
- 3- دانانی سیاسەتێکی گونجاو وەدانانی بەرنامەو پلانێکی گونجاو دەرکردنی یاسای نوێ لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵیەوە بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ وەك سیاسەتی ڕێکخستنەوە زەوی و زار لەلایەن دەوڵەتەوە.
- 4- پاراستنی بەرهەمی ناوخۆی لەبەروبومی دەرەوە لەرێی دانانی باجێکی زۆر لەکاتی هاوردەکردن